# که تۆ هاتی گشت ڕەنگەکان پێکەوە هاتن!

سیروان کاروانی

زۆر لەمێژ بوو
ڕۆحی ماندووم شەونمئاسا
لە هەناوی تاریکیدا دەسووتا و
لەبەر گزنگی هەتاودا ون دەبوو
زۆر لەمێژ بوو
جەستەی غەریبم وەک ژێر زەریا
هەناسەیەکی ساردەوەبوو بوو و
لەنێو بەستەڵەکی
ئەم ساردنشینەدا هەڵدەکورما
که تۆ هاتی
تاقانەیی لە تەنهاییدا باری کرد
سروودی هاتم هاتم
لە وڵاتی مامەیارەییەکانەوە
ڕێی کردبوو و
ئێوارەدرەنگانێک ئا لێرەدا
لە نیشتیمانی ناخی مندا بارگەی خست
که تۆ هاتی
ژیان لە نوێوە دەستی پێ کرد
هەناسەکان لەپاڵ نەمامەئاڵدەرەکانی
ئەم بەهارە سەوزەدا پشوویان دا
که پێش هاتنی تۆ
ڕەشەبای تێدا هەڵدەکرد
که تۆ هاتی
گشت ڕەنگەکان پێکەوە هاتن
زەرد : کردییە کازێوەی بەیانیی
دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ
سەوز: بەهارێکی نوێی هێنا و
گوناهەکانی ستەمی شۆردەوە

شین: ئەمجارەیان برووسکەئاسا
ئاسمانی بەرینی تەواو ڕوون کردەوە
پەمەیی: شادیی وەپێش خست و
پێش هەمووان تۆی بۆ هێنامەوە
کە تۆ هاتی
گشت ڕەنگەکان پێکەوە هاتنەوە